# هەوڵی عارەب و تورکمان بۆ دابڕینی کەرکوک و تێگەیشتنی دەسەڵاتدارانی کورد

شاخەوان شۆڕش

کێشەی کەرکوک وەکو خاڵێکی گرنگی کێشەی نێوان کورد و عارەب، هەروەها وەکو بەشێکی گرنگی کێشەی سنور، بۆ ئەرتیکلی 58ی یاساکاتیەکە یا 149ی بنچینەیاسا هەمیشەیەکە (لە دەقە عارەبیەکە 136) جێهێڵدراوە. ئەرتیکلی 58 جگە لە کەموکوڕیەکانی، دەبوایە دوو ساڵ بەر لە ئێستا دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت، بەڵام تائێستا تەنها نوسینی سەر کاغەزە. ئەوەش واتای ئەوەیە کێشەی کەرکوک و چارەنوسی کەرکوک بە نادیاری ماوەتەوە. ئەوەی نیگەرانیەکە زیاتر دەکات ئەوەیە، گومان لەوەدایە لایەنە پەیوەستدارەکان ڕێزی ڕێککەوتنەکان یا یاسا و بڕیارەکان بگرن. بە بەڵگەی ئەوەی هەنگاو هەن دژی چاککردنەوە و چارەسەرن، کەچی ڕێگایان دەدرێت و چاوپۆشیان لێ دەکرێت. بۆنمونە هاتنی میلیتس و کەسانی شیعەی سەر بە موقتەدا سەدر بۆ کەرکوک کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات و مەترسی تەقینەوە نزیکتر دەکات.

ئەگەر هەموو نەبێ، ئەوا زۆرینەی ڕەهای عارەب و تورکمانەکان دژی گەڕانەوەی کەرکوکن بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ئەوانە پەنایان بردۆتەبەر زۆر ڕێگا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراویان. دوا هەوڵی تورکمان و عارەبەکان ئەوەیە ئەوان هەوڵی ئەوە دەدەن کەرکوک بکرێت بە هەرێمێکی فیدرالی سەربەخۆ. ئەو پێشنیار و هەوڵە نیگەرانی لای کوردەکان دروستکردووە. پارتە دەسەڵاتدارە کوردیەکان ئەوە بە هەنگاوێکی دژ بە بنچینەیاسای ئێراقی دادەنێن، یا وەکو هەوڵێکی دیکەی بەعارەبکردن ناوزەدی دەکەن[1]. وەکو بڵێی پارتە دەسەڵاتدارە کوردەکان دژی کارێکی ئەوها دەوەستن. وادیارە ئەوان حەز بە کارێکی ئەوها ناکەن.

لێرەدا دەمەوێ سەرنج بدەمە ئەوەی، ئایا ئەو هەوڵەی تورکمان و عارەبەکان نایاساییە؟ ئایا ئەوان یەکەم کەسن پێشنیاری چارەسەرێکی ئەوها دەکەن؟ ئایا بەرپرسیاریی کوردە دەسەڵاتدارەکان لەم بارەدا چییە؟

تورکمان و عارەبەکان دەڵێن دەبێ کەرکوک بکرێت بە هەرێمێکی فیدرالی سەربەخۆ. هەندێ لەبەرپرسە کوردەکان بۆنمونە ڕزگار عەلی دەڵێت ئەوە دژی بنچینەیاسایە. سەبارەت بەو خاڵە، بنچینەیاسای ئێراقی لە بەشی پێنجەم، بڕگەی 2 لە ئەرتیکلی 114 دا دەڵێت: **یەک پارێزگا یا زیاتر مافی ئەوەیان هەیە هەرێم (واتە هەرێمی فیدرالی سەربەخۆ) پێکبهێنن، ئەوەش لەسەر بنچینەی داخوازی بۆ ڕیفەراندەمێک بە دوو ڕێگا دەکرێ بکرێت، یەکەم: یەک لەسەر سێی (3/1) ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا پێشنیاری بکەن. دووەم: لەسەر داخوازی یەک لەسەر دەی (10/1) دەنگدەران دەکرێ پێشنیار بکرێت.** وەکو لە یاساکەدا هاتووە، یەک پارێزگا بۆی هەیە هەرێم پێکبهێنێت. ئەو یاسایەش لەلایەن سەرکردەکانی کوردی باشور، هەروەها پەرلەمانی کوردستان بەتێکڕای دەنگ پەسند و مۆر کراوە. تورکمان و عارەب چ وەکو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، چ وەکو دەنگدەرانی پارێزگای کەرکوک، لە هەردوو باردا ڕێژەیان لە سنوری دیاریکراو زیاترە و دەتوانن ئەو پێشنیارە بکەن. ئەگەری ئەوەش هەیە لە ڕیفەراندەمدا سەرکەوتن بەدەست بێنن.

ئەگەر کوردە دەسەڵاتدارە ئێراقیەکان کێشەیان لەگەڵ ئەو پێشنیارە هەیە، دەبێ پرسیارێکی گەورە بەرامبەر بە توانا، تێگەیشتن و بەئاگایی خۆیان دابنێن. ئەگەر ئەوان ئەو هەنگاوە بە بەعارەبکردن دەزانن، ئەوا ئەوان خۆیان مۆری ئەو بەعارەبکردنەیان لە بنچینەیاسادا کردووە. لە گارەدان دژ بەو پێشنیارە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بە سکانداڵێک یا بە مەترسیەک کە ئەوان خۆیان پشتگیری لەدایکبوونیان کردووە.

بەڵام ئایا عارەب و تورکمان یەکەم کەسن ئەو پێشنیارەیان کردبێت؟ ئایا کورد یا هەندێ لە بەرپرسە کوردەکان پێشنیاری لەو شێوەیەیان هەرگیز نەکردووە؟

جەلال تاڵەبانی لە چەندین بۆنەدا بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک پێشنیاری مۆدیلی برۆکسلی کردووە.[2] برۆکسل هەرێمێکی فیدرالی سەربەخۆیە لە بەلچیکا، بەمشێوەیە سەربەخۆیە لە هەرێمە فیدرالیەکانی دیکە. کەلتور و زمانە جیاوازەکانی ناو هەرێمی برۆکسلی پایەتەخت بەپێی ڕێککەوتنە فیدرالیەکە مافی یەکسانیان لە بەکارهێنان، گەشەکردن و پاراستن هەیە. ئەگەر مۆدیلی برۆکسل لەسەر پارێزگای کەرکوک جێبەجێ بکرێت، ئەوا پارێزگای کەرکوک دەبێتە هەرێمێکی فیدرالی سەربەخۆ، بەمجۆرە کەرکوک لە هەرێمی فیدرالی کوردستان دادەبڕێت. واتە دەسەڵاتدارانی کورد خۆیشیان ئەو پێشنیارەی عارەب و تورکمانەکانیان بە شێوەی دیکە کردووە. دیارە لە بنچینەیاسای ئێراقیدا نەگوتراوە دەکرێ هەرێمی بچوکی فیدرالی لەناو هەرێمێکی فراوانتری فیدرالی هەبێت. بەپێی بنچینەیاساکە هەرێمە فیدرالیەکان سەربەخۆ دەبن لەیەکتر. شایانی بیرخستنەوەیە ئەو کاتەی تاڵەبانی ئاماژەی بە مۆدێلی برۆکسل بۆ کەرکوک کرد، کەسێ لە دەسەڵاتدارە کوردەکان بەتایبەتی ئەوانەی دژی دابڕینی پارێزگای کەرکوکن، دژی ئەو وتانەی تاڵەبانی لەمبارەیەوە نەوەستان و ڕیسوایان نەکرد. وەکو دیارە لای ئەندام و بەرپرسانی هەردوو زلپارت، وتەی سەرکردەکانیان هەرچی بن، ئەوا بایەخدار و گرنگن و ناشبێ پرسیار لەبەرامبەرایندا دابندرێت. ئەوەش دیاردەیەکی هەر پارت و ڕێکخراوێکی نادیموکراسیە کە ئەندامانی لە ئاست سەرۆکدا هیچ قورساییەکیان نییە.

ئەو پێشنیارەی عارەب و تورکمانەکان، لەگەڵ مۆدیلی برۆکسلەکەی تاڵەبانی سەبارەت بە سەربەخۆکردنی هەرێمی فیدرالی کەرکوک جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە. هەروەها کوردە دەسەڵاتدارەکان خۆیان مۆری ئەگەری سەربەخۆبوونی کەرکوکیان وەکو هەرێمێکی فیدرال یاساییانە کردووە. لەڕاستیدا مەترسی جوداکردنەوەی پارێزگای کەرکوک وەکو هەرێمێکی فیدرالی سەربەخۆ بەڕاکشاوی هەیە، چونکە ئەوە یاساییانە ڕێگای دەچێ، هەروەها پێشنیاری مۆدێلی برۆکسل ئەو مەترسیە زیاتر دەکات.

9.6.2006

[1] هەواڵی تەلەڤزیۆنی کوردسات، 7.6.2006.

[2] KurdistanObserver, Sunday 27, 2005, “Talabani Weakening Position on Kirkuk and Kurdistan in Quest to Arab Iraqi Presidency”, By Salih Boztas, zaman.